www.kurdistannet.org
22-3-2002 23:38

# ئیبراهیمی مەجید پور لەبەردەم چەند پرسیارێکی ڕووبەڕودا

**ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین**
**هۆڵەندە – ئەمستردام**



کاك ئیبراهیم مەجید پور کەسایەتیەکی ناسراو و خەباتگێڕی ناوبزوتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەلاتە و لە 11 ی ڕەشەمەی ساڵی ساڵی 1357 ی هەتاوی بەرامبەری 1978 ی زایینی‌یەوە بەکردەوە و بە شێوەی ڕەسمی لە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەست بەکار بووە و شانازی خەباتی پێشمەرگایەتی هەبووە. لە ماوەی باسکراوەوە تا ئێستا بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری لە ناو ئەو حیزبەدا پێسپێردراوە وەك:
بەپرسی کۆمیتەی گوند، کۆمیتەی ناوچە، ئەندامی کۆمیتەی شارستان، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمیتەی شارستان( هیئەتی ئیجرائاتی )، بەرپرسی بنکەی سنوری حیزب، بەپرسی بەندیخانەی حیزب، بەڕێوەبەری ناوخۆی بنکەی پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزب، سەرئەنجام بەرپرسی نەخۆشخانەی ئازادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.
لەو ناوچانەی کاری حیزبایەتی تێدا کردووە، کاریگەری خۆی هەبووە و خەڵکەکەی شایەدحاڵی پاکی و دڵسۆزی کاك برایمن و خۆشی ویژدانی ڕازی و ئاسوودەیە، ئەوەندەی زانیوێتی و توانیوێتی دەرهەق بە گەلەکەی دریخی نەکردووە لە خزمەتگوزاری و خەبات کردن و هەوڵی داوە خەڵك لە ڕاستی و مەبەست پاکی و کردەوەکانی شۆڕش ئاگادار بکاتەوە و بە باشترین شێوە ڕێنیوێنی جەماوەری گوندنشینی کردووە، کاك برایم خۆشی تا ئێستاش منەتباری خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە خەباتی تێدا کردووە و سوپاسگوزاریان پێ دەڵێت کە ڕاستگۆییان لە ڕێبازەکەی ئەماندا دەدیت بە ئامانجی خۆیان دەزانی دڵسۆزانە هاوکاری شۆڕشیان دەکرد.
ڕێبەرایەتی حیزبەکەی کاروکردەوەکانی کاك ئیبراهیمیان بە تەقدیرەوە نرخاندووە، چونکە ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەڕێوە بردووە و بە نوسراویش ئەو تەشویق و ڕەزامەندی‌یەی حیزبی لە لای خۆی پاراستووە، خۆشی شانازی دەکات چونکە لە ڕێگای خزمەت بۆ ڕزگاری کوردستان و کورد، لە چوارچێوەی پەیڕەو پرۆگرامی حیزبەکەیدا سەرکەوتوو بووە.
ئەوە چەندین ساڵە لە وولاتی هۆڵەندە لە غەریبایەتی دەژی، کار ناکات، بەپرسیارێتی لە حیزبدا نەماوە و تەنها ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. وەك خزمەت بە مرۆڤ بە تایبەتی پەنابەران بە بێ موچە بە خۆبەخش لەگەڵ ئەنجومەنی پەنابەرانی شاری زفۆڵەی هۆڵەندە کار دەکات و هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی ( ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ ) هاوکاری دەکات لەوێشدا ئامانجی گشتی ڕەچاو دەکات بۆ ناساندن و شیکردنەوە و ڕەوابوونی داواکانی گەلی کورد و لە سەرەتای ساڵی دووهەزاریشەوە بۆتە هاوکار و دۆستێکی نزیکی یانەی کوردی میدیـــای هۆڵەندە.
ژیانی ڕۆژانەی ئێستای بە خوێندنەوە و نوسین بەسەردەبات و کتێبێکی ئاینی بە نێوی شەریعەتی ئیسلام بە کوردی بە زمانێکی ساکاری کوردی نوسیوە، چونکە گەلی کورد زۆربەیان موسوڵمانن تا بزانن ئیمانیان بە چیە و ئەو کردەوە ئاینیانەی ئەنجامی دەدەن چۆن دەکرێن و چ مانا و فەلسەفەیەکیان هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن کە برا موسوڵمانەکانیان چۆن بە ناوی ئیسلامەوە دەیان چەوسێننەوە و لە هەموو مافێکی خوا پێداویان بێبەشیان کردوون. ئەم کتێبە بە نیازە بیدات بە مامۆستا سیڕاجەدین ئەبوبەکر تا لە ڕووی عەرەبی‌یەکەیەوە بۆی پیابچێتەوە.

له ساڵی 1993 ەوه لەگەڵ نوسینەوەی یاداشتنامەی ڕۆژانەی خۆی و ڕووداوه سیاسی‌یەکانی سەردەمەوه خەریکه و ئەو نوسراو و هەواڵانەی پێوەندی‌یان به ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست به گشتی و کوردستان و فەلەستینەوه هەیه به تایبەتی سەرنجی خۆی له سەر دەدا، لەگەڵ کورتەی لێکدانەوەی خۆی، که زۆربەی پوختەی وتوویژ یان وتاری کەسایەتیه سیاسیەکان و بەرپرسی ئەحزابەکانی گرتۆتەوه. کاك ئیبراهیم کەسایەتیەکی مرۆڤ دۆست و ڕوو خۆشه یەکسەر دەچێته دڵەوه له سەردانێکیدا بۆ شاری ئەمستردام و له یانەی کوردی "میدیـــــا" به هەلمانزانی گفتی ئەم چاوپێکەوتنەی لێوەربگرین و ئەویش به خۆشحاڵی‌یەوه وەڵامی پرسیارەکانی داینەوه.

پ 1 – سەرەتا حەزدەکەین کورتەیەکی ژیان و ئاستی خوێندنت به خوێنەرانی ئەم گفتوگۆیه بڵێی..؟
وەڵام: ناوم ئیبراهیم ناسناوم مەجید پوور، باوکم محیەدین و دایکم خەدیجەیه، له گوندی سونجاخ له ناوەندی موکریان سەر به شاری مەهاباد، له بنەماڵەیەکی جوتیاری مام ناوەندی له دایك بووم. پێنج ساڵ له کۆماری کوردستان که له شاری سابڵاخ دامەزرا، به تەمەنترم. دوای تێکدرانی کۆماری مەهاباد باوکم قاچاخ دەبێ و ڕادەکا و له شاوەلەی لاجان له لای مارف ئاغای شاوەله دەگیرسێتەوه، پاشماوەیەك من و دایکم به دزی‌یەوه دەبەن بۆ لای باوکم و یەکتر دەگرینەوه.
خوێندنم لەو گونده دەست پێکردووه و فەقێیایەتیم له گوندەکانی شاوەله، گردکسپیان، جەڵدیان، ئەندێزەله ناوچەی لاجان، له گوندی ئارنێ و شاری نەغەده له سندوس و ( خانەقای بورهان ) سەر ئەنجام له شاری مەهاباد له مزگەوتی سوور خوێندنی مەلایەتیم تەواو کرد و به کوردی ئیجازەم وەرگرتووه. شەشی سەرەتایشم لاوەکی هەر لەو شاره وەرگرتوه.. دواتر لەسەردەمی مەلایەتیمدا له تاران له زانکۆی ئیلاهیات ئیمتیحانی مەعقو و مەنقولم داوه و بۆ سەر دەفتەری ژن مارەکردن ( ازدواج ) شەهادەم وەرگرتووه.

پ 2 – کارتێکردنی خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی تافی لاوی جەنابت، به تایبەتی هێمن و هەژار و زەبیحی...؟
وەڵام: لەو سەردەمەدا خوێندەواری زۆر گرینگ بوو، خوێندەوار زۆر زۆر کەم بوون. زۆربەی گوندەکان هەر مەلایان هەبوو فەقێی لێنەبوو. ئەو گوندانەی مەلا و فەقێ و حوجرەیان لێ بوون کەم بوون. له هێندێك له گوندەکان جگه له مەلا ئاغا میرزایان هەبوو تایبەتی خۆیان هەم نامەی بۆ دەنوسین و هەم دەرسی به منداڵه ئاغاکان دەگووت. دەرەتانی خوێندن بۆ منداڵی ڕەعیەت جگه له حوجرەی فەقێیان نەبوو. خوێندەوار له نێو خەڵکدا ڕێزو حورمەتی تایبەتیان هەبوو، به میرزا و زمانزانیان ناو دەبردن. جێگایان له نێو کۆمەڵدا دیاربوو، خەڵك دەیانکوت ئەوانه شتێك دەزانن، که ئێمه نایزانین و دەتوانن یارمەتیمان بدەن. دایك و بابم چونکه تاقانه کوڕیان بووم، هەر له هەوەڵەوه منیان نایه بەر خوێندن و خۆشم زۆرم حەز له خوێندن بوو، دەمەویست وەك ئەو فەقێیانه له لای خەڵك خۆشەویست بم، هێندێك هۆی دیکەش هەبوون که لێرەدا نایان نوسم چونکه له کتێبی بیرەوەریەکانمدا نوسیومن، هەموو ئەو شتانه هاندەرم بوون بخوێنم.
هەوەڵێن مامۆستام میرزا ( برایمی فازلی ) بوو، ئەگەر ماوه یادی به خێر و ئەگەر نەماوه ڕووحی شاد بێ. ناوبراو میرزای ماڵی ئاغا بوو، ئێمەش چوار پێنج کوڕه کرمانج که هەر یەکەی لەبەر هۆیەك ئیزنمان درا بوو دەگەڵ منداڵی ئاغاکان بخوێنین. مامۆستا پیاوێکی زۆر زانا بوو لەو سەردەمەدا، قورئانیشی زۆر باش دەزانی، خەتی زۆر خۆشبوو فارسی زانێکی تەواو بوو. قورعانم له لای ئەو تەواو کرد به شێوەی ڕەش خوێن، نەك به مانا و تەفسیرەوه. کتێبی هەوەڵی فارسیشم له لای ئەو خوێند و هەرچی فارسی دەیزانم لەسەر ئەو بناغه جوانەی ئەو بۆی داڕشتم فێر بوم و دەرسی فارسیم لای کەسی دیکه نەخوێندوه.

**لە پێوەندی دەگەڵ کاریگەری خوێندنم دا ئەو مامۆستایە زۆری کارتێکردم، زۆری یارمەتی تایبەتی دام، زۆری هاندام و فێری زۆر خوو خدەی جوانی کۆمەڵایەتی کردم، هەمیشە دەیگوت ڕۆڵە ئەگەر گەورە بووی هەژار و لێقەوماوان لە بیرمەکە یارمەتیان بدە، بە هەر شێوەیەك بۆت دەکرێت دەست گرۆییان بکە. بۆ هەوەڵین جار ناوی هەژار و هێمنم لەوێ گوێ لێبوو، ئەوەش لەوەڕابوو کە مامۆستا شیعری نوسیی بوو. ئەو ساڵە لە لاجان دەغڵ و دان کەم بوو، ئاغا بەراتی نەدابوو بە مامۆستا، ئەویش گلە و گازندەی خۆی بە شیعر دەربڕی بوو، لە هەوەڵەوە شیعرەکانی هەر نیشانی من دەداو بۆی دەخوێندمەوە، شیعرەکان زۆر بوون، بە داخەوە من تەنیا چەند شیعرم لە بیر ماوە، بۆ یادێکی ئەو بەڕێزە لێرەدا دەیان نووسم:**

**حەمەد ئاغا بە قورعان سوێندی دەخوارد گە نمان نیە و نابینی چڵێکی**

**گەنم داری چنـار بێ قشـــقەڵە تۆ بە تیرت لێدەدەم بچیە چڵوکی**

**حەواڵەی ئاشی دامێ تـاکو نــەورۆز غەفوور نەمداتێ دەگرم خنخنۆکی**

**حەواڵەت بۆ دەنووسـم، هانـێ بگرە لە بۆ کوێخاجەلیل شورەت ڕەمۆکی**

**بچـــۆ وەربگرە دووسـێ بارە هەرزن لە تیفە ناسکە دەخورێ بە پوکی**

**حەمەد ئاغا یەکێك لە کوڕەکانی مارف ئاغای شاوەلەیە، غەفوریش ئاشەوان بوو، من ئەو شیعرانەم یەکجار پێ خۆش بوو، هەوڵین جارم بوو شیعرم بە زمانی کوردی دەدیت و دەبیست، واقم وڕمابوو، بۆچی بەکوردیش شیعر دەنوسرێ ؟! گوتم بە خودا مامۆستا خۆشن. گوتی ڕۆڵە ئەوانە شیعر نین، شیعر هەژار و هێمن دایان ناوە، من شیعرم بۆ نان هەڵبەستووە، ئەوان شیعریان بۆ گەل و نیشتمان کوتوە. باش لە مەبەستی تێنەگەیشتم. لە بیرمە گوتم مامۆستا هەر بە خۆڕاییان دەگوت؟ فەرموی برایم لەوە گەڕێ، جارێ زۆرە بۆ تۆئەوەبزانی، بڕۆ بخوێنە و فێربە، ئەگەر خوێندەوار بووی ئەوە زۆر شتی دیکەش دەزانی.**

**ناوی هەژار و هێمنم لە خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلا ئەحمەدی گردکسپیان و مامۆستا مەلا عەوڵای مەلا تەهاش بیستووە، تەنیا مامۆستا مەلا عەوڵا ناوی زەبیحی پێگوتم. ئەو مامۆستایانە هەمیشە وەك شاعیری پایە بەرز ناویان دەبردن، لەسەر نەخشی سیاسی ئەوان باسیان نەدەکرد. ڕەنگە هۆی ئەوە بووبێ کە ئێمەیان زۆر پێ گەنج بوو، دەترسان ئێمە نەهێنیمان بۆ ڕانەگیرێ چونکە دوو جاران لە ماڵی خۆیان لەو شیعرانەی ئەو دەمیان بۆ دەخوێندمەوە، بەڵام نەیان دامێ بینوسمەوە. هەستم دەکرد زۆر بە پارێزەوە باسیان دەکەن، ئەگەر کەسی دیکە لە لایان با هەر باسیان نەدەکردن. لە بیرمە جارێك لە مامۆستا مەلا عەوڵام پرسی ئەوانە هێندە باسی زانابیان دەکەن چ کارە بوون..؟ هەر ئەوەندەی وەڵام دامەوە: ئەوانە خزمەتکاری نەتەوەی کورد بوون، لەوانەمان باشتر نیە، دوایی کە هاتمە شاری مەهاباد هەژار و زەبیحیم باشتر ناسی، بەڵام مام هێمن پێشتر کە لە دێهات فەقێ بووم لە خانەقای شێخی برهانی دەگەڵی ئاشنا بووم، ئەو دەم قاچاخ بوو لەوێ بوو، منیش فەقێ بووم لەوێ. لە دوایدا دەگەڵ زەبیحی بوومە خزمیش، واتە خێزانەکەم خاڵۆزای زەبیحیە، بەڵام بەداخەوە زەبیحیم لە نزیکەوە نەدیوە. بە گشتی لەو سەردەمەدا، ئەوان پاش شەهید پێشەوا قازی محەمەدی نەمر لە هەموو کەس پتر بەناوبانگ بوون، ئەوان هەر شاعیر نەبوون، ئەوان شۆڕشگێڕانی گەلیش بوون. بەلای منەوە نموونەی ئەو کەسانەن کە گەلی کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی پێیان قەرزدارە و دەبێ هەمیشە بە حورمەتەوە یادیان بکەن. بەش بەحاڵی خۆم زۆرم کەڵك و تام و چێژ لە نوسراوەکانیان وەرگرتووە، لە ڕوانگەی منەوەنمونەی بێ وێنەن.**

**پ: 3 – ژیانی فەقێیایەتی لە کوردستاندا، یادگاریەکانت لەو ڕووەوە....؟**

وەڵام: ژیانی فەقێیایەتی لە شار و گوندەکانی کوردستان بابەتێکی تەواوە و بۆ ئەوە دەشێ، لێرەدا جێگای نەبێتەوە. ئەوەی دەیڵێم هەڵسەنگاندنێکی خۆمە لەو سەردەمەی فەقێیایەتی خۆم: شێوەی ژیان و کەش و هەوای فەقێ و پێشمەرگە وێك دەچێ، من بۆ خۆم هەردووکیانم بە کردەوە دیوە. هەردوکیان خەباتن بە دوو مەبەستی جیاوازەوە، کە ڕەنگە لە ئاکامیشدا یەکتر بگرنەوە. هەموو کەس توانای فەقێیایەتی نەبوو، هەروەك پێشمەرگایەتی غیرەت و لە خۆبردوویی تایبەتی دەویست. فەقێ دەبوایە دەست لە زۆر ویست و ئارەزووی لاوێتی خۆی هەڵگرێ و بچێتە ناو جۆرە ژیانێك کە بەڕاستی تا دەگەڵی ڕادەهاتی زۆر قورس و گران بوو، بەڵام دوای ڕاهاتن بەلای منەوە زۆر خۆش و دڵگیر بوو.فەقێ بۆ خوێندن گونداوگوند و شارەوشار بە وشەی ئەو دەمی گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، بۆ ژەمە نانێ ڕۆژێ سێ جار ئەو ماڵ و ئەم ماڵیان دەکرد، بە ساڵان و مانگان لە دایك و باوك و کەس و کاریان دوور بوون، بەڵام فەقێکان پێکەوە ئەوەندە دڵسۆز و بە موحیبەت بوون کە بە هەق دایك و باب و کەس و کاریان لە بیر دەبردەوە. بە کورتی فەقێ لەو سەردەمەدا خەباتیان بۆ عیلم زانین دەکرد. فەقێ لە گوندەکاندا تەنیا لاوانێك بوون کە دەیان توانی لە دەسەڵاتدارانی ئەو دەم وەك ئاغا و کوێخا و دەست و پێوەندەکانیان وەجواب بێن و بەر هەڵستیان بکەن، هەرچەند هەموو جارێ بە دەرکردنیان لە گوندەکە تەواو دەبوو. لە بیرمە لە تۆپێن و هەمزەلێن دا هەر فەقی بوون دەیان وێرا بە توندی تۆپ و گۆرت لە کوڕی ئاغا بدەن، لە کاتی دابەشکردنی تاقمەکان بۆ کایە و کێی بەرکێی کەم کەس هەبوو بوێرێ بکەوێتە لای فەقێکان و دەبوایە لای کوڕە ئاغاکان بن. زۆر جار گوێم لێ بووە کوڕی ئاغا گوتویە نابێ کوڕی کرمانج بەرامبەر من کایە بکا. هەر چەندە ئەو دەم ئێمە سەرمان لە سیاسەت دەرنەدەچوو و ئاگاداریەکمان نەبوو، بەڵام هەستمان بە زوڵم و زۆر دەکرد بە تایبەت لە گوندەکاندا. بەڕاستی گوندنشینەکان بە ژن و پیاویانەوە زەحمەتکێشی ڕاستەقینە بوون، وەك کورد گوتەنی (ڕەنجی فەرهادیان دەکێشا) بەرووبومەکەیان کەس نەی دەزانی کێ دەیبرد و بۆ خۆییان لە هەموو کەسیان کەمتر پێدەبڕا. بۆ وێنە کەس هەقی نەبوو بە بێ ئیزنی ئاغا دەست بۆ خەلە و خەرمانی خۆی بەرێ، لە ماڵی خۆیدا بە ئەمین نەدەزاندرا، ئێواران سەرکاری ئاغا دەهات خەرمانەکەی لێ شەقڵ دەکرد، ئەگەر حەیوانیش بە دەگمەن شەقڵی شکاندبا خاوەن خەرمان جەریمە دەکرا. دیارە هەموومان دەزانین پێشمەرگەش خەبات بۆ ڕزگاری گەل دەکا و بەو گیانەوە هاتۆتە مەیدان، کە بەنرخترین سەرمایەی ژیانێتی. مەبەستی من ئەوە نیە لەبەر یەکیان ڕاگرم، بەڵام فەقێیایەتی ئەو سەردەمە هەر تەنیا فێربوونی زانستی ئایینی نەبوو، هەموو ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا خەباتیان بۆ ڕزگاری کورد کردووە باش دەزانن کە حوجرەی فەقێیان مەکۆی شۆڕشگێڕان بوو، ناوی فەقێ یەکێك لەو ناوانە بوو کە شۆڕشگێڕان لە خۆیان دەنا و ئەو گوندە و گوندیان پێدەکرد بۆ کارو مەبەستی خۆیان، چونکە تەنیا فەقێ لە گوندەکان بۆ هەمووان ئاشنا بوون و نامۆ نەبوون. ڕەنگە ئەگەر جڵەوی بیرم شل کەم وەها بچیتەوە ناو بیرەوەریەکانم، خۆمم لێ وون بێ و نەزانم لە کوێم و تەنانەت خۆم لێ بگۆڕێ، چونکە ئێستا چۆنم و ئەو دەم چۆن بووم..؟

پ 4 – لە کەیەوە تێکەڵاوی ژیانی خەباتی سیاسی بوویت و بزوتنەوەی ئەوکاتەی دەستەیەك لە شۆڕشگێڕانی دیموکرات ساڵانی 1967 ، 1968 چۆن هەڵ دەسەنگێنی..؟

وەڵام: من لەسەردەمی فەقێیایەتی لە شاری مەهاباد دەگەڵ سیاسەت یان باشتر بڵێم کوردایەتی ئاشنا بووم. دەگەڵ چەند کەسێك کە هەموویان سیاسەتی کوردایەتیان دەکرد، پێوەندیم هەبوو، دەمزانی کوردایەتی دەکەن، بەڵام نەمدەزانی ئەندامی حیزبی دیموکراتن. بە داخەوە لەوانە ئەوەندەی من ئاگادارم چەند کەسیان نەماون، یەکێکیان وەك بیستومە لە تاران گیراوە، هێندێکیان ڕەگەڵ شۆڕش نەکەوتن و مانەوە، هێندێکیان هاتنە ناو شۆڕش و گەڕانەوە، ئەوەی من بزانم تەنیا کەسێکیان جگە لە خۆم لە دەرەوەیە و ئێستا لە سوئێد دەژی. لەو سەردەمەدا باس هەرەباسی شۆڕشی گەرمێن بوو

(باشوور) کاری ئێمەش زۆرتر کۆکردنەوەی یارمەتی بوو بۆ شۆڕشی گەرمێن. باشم لە بیرە ئێمە لە گروهێکی شەش کەسیدا ڕێکخرابووین، هەموومان فەقێ بووین، سەرۆکەکەمان مامۆستایەك بوو ئێستا لە شاری مەهاباد دەژی، بە وتەی ئەو لەبەر ئەوەی من زۆر بە کاری خەڵکەوە ماندوو بووم ناوی لێنام (غەمخۆر). لەولایەش ڕژێمی ئاغا و ڕەعیەتی تێك چوو بوو. بە پێی ئەوە هەموومان خەڵکی لادێی بووین و لە چینی جوتیار و زەحمەتکێشان پەیدا ببوین و بە پێی ئەو ڕێنوێنییەی لەبەر پرسەکانەوە دەمان درایە، دەبوایە بە هەر شێوەیەکی گونجاو، یارمەتی گوندیەکانمان دابایە، نامە و سکاڵامان بۆ نوسیبان دەگەڵیان هاتوچۆی ئیداراتیشمان کردبایە. بە کورتی مەسەلەی بەربەرکانی و هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕوخان و لەناوبردنی سیستمی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی هەرچی لە دەستمان هات درێخمان نەکرد. هەرچەند لەو ڕێگایەدا توشی کەندوکۆسپی زۆر دەبوین و زۆر ناوناتۆریشمان بۆ دروست دەکرا، بەڵام وازمان نەهێناو کۆڵمان نەدا. لە لای ویژدانی خۆم ئاسوودەم، کە ئەوەندەی زانیومە و توانیومە لە خزمەت خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی لادێی بە حەیفم نەزانیوە دەکارم هێناوە. باشترین شایەدم خەڵکی ئەو گوند و ناوچانەن کە تێیاندا ژیاوم. بۆیە دەڵێم لادێی چونکە جگە لە چەند ساڵ فەقێیایەتی لە شاری مەهاباد باقی ژیانم لە لادێ تێپەڕ کردووە.

جگە لەوەی ئێمەی کوڕە جوتیار دەگەڵ شێوەی دەسەڵاتی ئاغا و ڕەعیەت گەورە ببوین، سەرۆك و ڕێنوێنەکانیشمان پێیان دەگوتین سیستمی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای کورد و کوردستانە، ڕژێمی پاشایەتی بۆ تێکدانی خەباتی نەتەوایەتی و سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کورد لەو سیستەمە کەڵکی وەرگرتوە، هەر بۆیە دەبێ لەو هەلە کەڵك وەرگرین و ئەو دەستە ببڕین.

من وەك خۆم لە ڕاستیدا ئەو سەردەم حیزبی دیموکراتم نەدەناسی، نەك هەر من بەڵکو جگە کەسانێکی لەسەردەمی کۆماردا ژیابوون کەس بەو جۆرەی کە دەبوو حیزبی نەدەناسی، هەروەك گوتم هەمووی لە شۆڕشی باشووردا کورت کرابۆوە، بەڵام خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانەی دیموکرات لە ناو ئێمەدا بە شۆڕشی ساڵانی 46 – 47 ناسراوە جارێکی دیکە حیزبی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندوو کردەوە. بەهۆی ئەوەی ئێمە هەر یەکەی کەوتبوینە ناوچەیەك و پێوەندیمان بەیەکەوە پچڕابوو، سەرگەرمی ڕێك و پێك کردنی ماڵ و ژیان و ژن و منداڵ بوین،، بە دەگمەن لەسەفەری شاراندا ئەگەر توشی یەك هاتباین، کاری سیاسیمان ڕاوەستابوو. بەش بەحاڵی خۆم بەداخم لەو خەباتەدا هیچ نەخشێکی دیاری کراوم نەگێڕاوە و هیچیشم پێ نەسپێردراوە، تەنیا شتێکی کە دەمتوانی وەك فەرد ئەنجامی بدەم ئەوە بوو کە بۆ خەڵکی ئاوایی ڕوون کەمەوە کە ئەوانە چەتە نین و خەباتگێڕن و بۆ کورد تێدەکۆشن، بۆ ئەمەگناسی خەڵکی ئەو گوندانەی لێی بووم دەبێ بڵێم بە خۆشیەوە زۆربەیان جێگای بڕوا بوون دەکرا زۆر شتیان بە لاوە بڵێین.

شۆڕشی 46 – 47 بیرەوەری شۆڕشی کۆماری مەهابادی بە گەورەیی و عەزمەتەوە زیندووکردەوە. خەڵکی بەڕێز و حورمەتەوە چاویان لێدەکردن و بە جێگای هیوا و هومێدیان دەزانین، شاخەو شاخ و ناوچە بە ناوچەدا بە دوایان دا دەگەڕان، دەردی دڵیان بە لاوە دەکردن و سکاڵایان بۆ دەبردن و بە قسەشیان دەکردن. هەستی نەتەوایەتی‌یان زیندووکردووە، هەستی دژایەتی دەگەڵ ڕژێم و کاربەدەستانی حکومەت پەرەیساند، سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی زەوی وزاری بەسەر خەڵکدا دابەشکردبوو، سیستمی دەرەبەگایەتی هەڵوەشاندبوو، بەڵام نیزیك بە تەواوی خەڵك دژی ڕژێمی شایەتی بوون و حەزیان بە نەمانی دەکرد، بە تایبەت ژاندارم و دام دەزگاکانی حکومەتی بەڕادەیەك دژی خەڵکی بوون و ئازاریان بۆ خەڵك هەبوو، کە وەزاڵەیان هێنا بوون و لە سەرانسەری ئێرانیش هەر ئەو ناڕەزایەتەتیە بوو بوو بە هۆی ڕا پەڕینێك کە ڕژێمی پاشایەتی بەتەواوی هەڵوەشاند. بە کورتی ئەو شۆڕشە بەڕای من ئەوەندە کاریگەری هەبوو، ئەوەی لە دوای ئەو کرا و ئێستاش بەردەوامە، درێژەی ئەو شۆڕشەیە. لە ئاکامدا 18 مانگ خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانی دیموکرات ئەو ئیدعایەی ڕژێمی پاشایەتی پوچەڵ کردەوە کە دەیگوت ئێران دوورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

**بەداخەوە ئەگەر ئەو خەباتە پیرۆزە لە دەرەوەش وەك ناوخۆ دەنگی دابـاوە، بە یەكێك لە شۆڕشە گرینگەكانی دنیا دەژمێردرا و ون نەدەبوو.**

**پ 5 - خۆشترین و ناخۆشترین هەڵوێست لە ژیانتدا ..؟**

**وەڵام: من لە ژیانم دا تاڵی و سوێریم زۆر چێشتوە، سەرەڕای ئەوەی قەت لە ژیان عاجز و پەرێشان نەبووم. هیوا بە ژیان و سەركەوتن لە هەموو كاری فەردی و كۆمەڵایەتیدا وەك چرایەك لە پێشمەوە داگیرساوە تووشی ناهومێدی نەبووم و ڕێگام لێنەگۆڕاوە.**

**خۆشترین ڕووداو لە ژیانی سیاسیم دا ئەوەیە كە بۆ هەوەڵین جار ڕێكەوتی 11 ی ڕەشەمەی ساڵی 1357 ی هەتاوی لە گۆڕەپانی وەرزشی شاری مەهاباد كۆبونەوەیەكی جەماوەری كە زیاتر لە سەد هەزار كوردی تێدا بەشدار بوون، شەهیدی نەمر دكتور قاسملو وتارێكی بە زبانێكی شیرین و تێرو تەسەلی سیاسی بۆ بەشداران خوێندەوە و ئاشكرا بوونی تێكۆشانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی بەڕەسمی ڕاگەیاند.**

**لەو ڕۆژەدا لە هەموو ناوچەكانی كوردستانەوە بە دووورو نزیكیەوە ڕوویان كردبووە شاری مەهاباد، هەستی نەتەوایەتی لە دەروونی ئەو خەڵكەدا بڵێسەی دەداو لە قاڵبی دروشمی جۆراوجۆر دەهاتە دەرەوە بە عاسمانی شاری مەهاباد شاری پێشەوا قازی دا بڵاودەبۆوە. خۆشی و شادی سەراپای لەشی جەماوەری داگرتبوو، هەموو سەرخۆش و مەستی ئازادی بوون. ئەو دیمەنە پڕ لە خۆشی و هیوایە بە چەشنێك كاری تێكردم، ئەوەندە بە ژیان و سەركەوتن هیوادار بووم شۆڕشێكی ئەوەندە قوڵ لە دەروونم دا سەری هەڵدا، ئاگرێكی ئەوەندە بەگوڕ لە دەروونم هەڵگیرسا، كە لەو دەمەوە تا ئێستاش هەموو بیرو و هێز و توانام بۆ خزمەت بە ڕزگاری كوردستان و كورد دەكار هێناوە، بۆیە خۆم بۆئەو ڕێگایە تەرخان كردووە، كە بە هەر شێوەیەكی گونجاو لەو بوارەدا خزمەت بكەم. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە كردەوە چوومە ڕیزی پێشمەرگەی دیموكرات و هەر لەو دەمیشەوە دكتۆر قاسملۆم وەك ڕێبەری سیاسی زاڵ بەسەر سیاسەتی ڕۆژدا بە شێوەی عیلمی ناسی و بە ڕێز و حورمەتەوە وەك سكرتێری حیزبی دیموكراتی كوردستان پەیڕەویم لێكرد.**

**ناخۆشترین و تاڵترین ڕووداوی ژیانیشم ئەوەیە كە ڕێكەوتی 13 / 7 / 1989 سەعات چواری پاش نیوەشەو دووەمین كەس بووم كە هەواڵی شەهید بوونی دوكتۆر قاسملۆم پێگەیشت. ئەو دەم لە شاری سلێمانی لە بەشی پێوەندیەكانی دەرەوەی حیزب دا خزمەتم دەكرد، لە غورابی خەودا بووم، بەرپرسی پێوەندیەكان هەڵی ئەستاندم و زۆر بە ئەسپایی ئەو هەواڵە دڵتەزێنەی كە لە ئوتریشەوەبە تەلەفوون پێیان گوتبوو پێگەیاندم. تاسام، حەپەسام، شلێوام، سەرم سووڕما، دڵم تەزی، لەشم لەرزی، دڵم پڕ بوو، فرمێسك لە چاوم قەتیس ما، نەم دەتوانی قسە بكەم و نەمدەزانی بڵێم چی، هەر ئەوەندەم پێ گوترا بڵێم بۆ؟؟ ئەو كارەساتە وای كار لە ڕوحم كرد نەمدەزانی چی بكەم و چۆن خۆم بگرمەوە، كەوتمە ئەو بیرە تۆ بڵێی سەركەوین؟ ئەوە بۆ هەوڵین جار بوو بۆ ماوەیەكی زۆر كورت ئەو پرسیارەم لە خۆم دەكرد، بەڵام هەڵس و كەوت و بەرەنگار بوونەوەی حیزب بە گشتی، دەوری گرینگی شەهید شەرەفكەندی بە تایبەتی و هاودەردی و ئەمەگناسی گەلی كورد و دۆستانی حیزب و زۆرلا زوو برینەكەی سارێژكردم و پرسیاری لە بیر بردمەوە و هێنامیەوە سەرباردۆخی پێشوم و لە جاران دڵگەرمتر و سەرخۆشتر، بە هەست بە بەرپرسایەتێكی زیاتر وەگەڕی خستمەوە. لێرەدا بۆ ئەمەگناسی پڕ بەدڵ سوپاس و ڕێز و حورمەتی خۆم پێش كێشی خەڵكی شاری سولەیمانی دەكەم، چونكە لەو هەل و مەرجە ناسكەدا كە تێیدا بوون، بە هەموو چین و توێژیانەوە بە جۆرێك لە پرسە و سەرەخۆشی ئەو شەهیدە مەزنەدا بەشداریان كرد، ئەگەر لە كوردستانی ئازادیش دابایە هەر ئەوە دەكرا، بە هەق ئەوەی شیاوی شەهید بوو كردیان.**

وام بیردەکردەوە ڕەنگبێ ڕووداوی ئاوا دڵتەزێن و کارەساتی ئاوا سامناك لە ژیانی سیاسیم دا توش نەبمەوە، بەڵام بە داخەوە شەهیدکردنی دکتۆر شەرەفکەندی ئەو برینەی لێ نوێ کردمەوە. ئاخر شەهید شەرەفکەندی بۆیە بەلامەوە ئەوەندە گرینگ و بە نرخ بوو، چونکە بە هەق جێگری ڕاستەقینەی قاسملو بوو، زۆر ژیرانە و لە خۆبوردووانە توانی کۆنترۆڵی وەزعەکە بە دەستەوە بگرێ، و بە خێرایی کەلێنی ئەو شەهیدە نەمرەی زۆر خێرا پڕکردەوە و دوژمنانی توشی ناهومێدی کرد. جگە لەوەش ناسیاوی سەردەمی فەقێیایەتیم بوو لە شاری مەهاباد وەك دۆست نەك وەك هاوکاری سیاسی. دیارە ناخۆشی‌یەکان زۆرن ئازیزی لە دەست چوو کەم نین، بەڵام ئەوانە ناخۆشترین ڕووداو و ئازیزترینیان بوون.

پ: 6 – ژیانی تاراوگە و غوربەت چ کارتێکەریان لەسەر ژیانت هەبووە ..؟
وەڵام: هەموو قۆناغێکی ژیانی مرۆڤ باشیشی هەیە و خراپیشی تێدایە. من لە غوربەت بە گشتی هەستم کرد بە هەق کە ئێمە گەلێکی بەشخوراوو زوڵم لێکراوین، لە کاروانی زانست و پێشکەوتن دواخراوین، ئەوم هەست پێکرد گەلێکین تەنیا و بێ پشتیوان و بێ یار و یاریدەدەرین، بۆم دەرکەوت دوژمنانی ئێمە بە هەق زاڵم و جینایەتکارن و دنیای پێشکەوتوی دەرەوەش زیاتر لە سات و سەوداو قازانج و بەرژەوەند دەگەڕێن تا پشتیوانی کردن لە گەلانی بن دەستە، لە هەموو شوێنێك مەسڵحەتی تێدا شك نەبەن ئاوڕی وێ نادەن. سەرەڕای ئەوەش بە بوونی ئازادی و دیموکراسی لەو وڵاتانەدا ئەو دەرفەتە ڕەخساوە بۆ گەلانی ژێردەستە هاواری خۆیان بکەن و کێشەکانیان بە گەلانی دنیا بناسێنن.
وەك خۆم کەوتمە دنیایەکی دیکە، مەودای بیر و تێڕوانینم فراوانتر بوو، پتر هەستم بە مەزڵومی گەلی کورد کرد، بەو قەناعەتە گەیشتم نابێ هەرگیز بەوە ڕازی بین کە هەیە و بە گشتی ئیمانم پتەو تر و وورەم بەرزتر بووە بۆ خەبات و ڕزگاری، بۆم دەرکەوت مەودای تێکۆشان زۆر لەوە فراوانترە کە ئێمە دیومانە، بۆم دەرکەوت ئێمە وەك مرۆڤ لە باری تێگەیشتن و عەقڵ و شعور و هێزی بیر و فیکر هیچمان لە گەلانی دیکەی ئەم جیهانە کەمتر نیە. بەڵام بەداخەوە باش فێرنەکراوین و ڕانەهێنراوین، بە هۆی ئەوەی دیکتاتۆر و داگیرکەران و دەسەڵاتی عەشیرەتی بەسەرماندا زاڵ بووە و دەرەتانی بیرکردنەوەی لێ بڕیوین و هەموو شتێکیان بەزۆر بەسەرماندا سەپاندووین، وا تێگەیشتوین کە زۆر و هێز و دەسەڵات هەموو گیروگرفتێك چارەسەر دەکا، هەر بۆیە لەبەرەو ڕوو بوون دەگەڵ کەندوکۆسپ دا پێش ئەوە بیر بکەینەوە دەست بۆ چەك دەبەین.
بۆم دەرکەوت زۆرەملی نەك گیروگرفت چارەناکا بگرە کێشەکان قوڵتر دەکا و کەندوکۆسپی زیاتر دروست دەکا. یەکەمین و باشترین ڕێگە بۆ پێك هێنانی کۆمەڵێکی ئازاد و بەختەوەر، وەگەڕخستنی ئەقڵ و مەنتیق و شیکردنەوە و لێکدانەوە و باس و وتووێژە. تا ئەو ڕۆژەی ئەقڵ و مەنتیق و هەستی مرۆڤایەتی بەسەر دنیای مرۆڤدا حاکم نەبێ نەك هەر ژیانی کورد بەڵکو دنیای مرۆڤایەتی خۆشی و بەختەوەری و ئازادی ڕاستەقینە بە خۆیەوە نابینێ. لێرەدا پێویستە بڵێم مەبەستی من ئەوە نیە بە هیچ جۆرێك خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد بە دژی داگیرکەران ڕەدکەمەوە، بە پێچەوانەوە ئەو شێوە خەباتەم بە ڕەوا زانیوە و ئێستاش بە ڕەوای دەزانم. لە بناغەدا خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد بە شەڕ نازانم. کورد شەڕی نەکردووە، شەڕیان بەسەردا سەپاندووە، کورد نیشتمانی داگیرکراوە و هیچ شتێکی لەکەس داگیر نەکردووە، کورد هێرشی کراوەتە سەر بەرگری لە خۆی کردووە، بەرگری لە هەموو یاسای دنیادا بە مافێکی ڕەوا زاندراوە.، هەر بۆیە باوەڕم وایە خەباتەکەی گەلی کورد بکرێتە هەمە لایەنە، خەباتی سیاسی، فەرهەنگی، هونەری، تەبلیغاتی پێکەوە گرێ بدرێن و لە هەر لایەك هێرشیان کردە سەری بە هەموو هێزیەوە بە هەموو شکڵ و شێوەیەك دەبێ بەرگری بکا، من لەو باوەڕەدام، کە خەباتی چەکداری نەکرێتە ئامانج و نابێ لە پێشەوە بێ، بەڵکو دەبێ ئاخرین ڕێگا بێ، دەگەڵ ئەوەش چونکە هەتا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان ئامادە نەبوون بە زمانی عەقڵ دەگەڵ کورد هەڵس و کەوت بکەن بە هیچ جۆر ڕێگەی تێکۆشانی

سیاسی هێمنانه نادەن، مەحکوم کردن یان وازهێنانی لە خەباتی چەکدارانە جگە لە بەزین و تەسلیم بوون مانایەکی دیکەی نیە. لە جێگایەکی مان و نەمان کەسایەتی گەل لە گۆڕێدایە، خەبات بە هەموو شکڵ و شێوەیەك ڕەوایە.

**پ: 7– داهاتووی کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە، بە تایبەتی لە هۆڵەندە چۆن دەبینیت..؟**

وەڵام: بە بڕوای من گەلی کورد لە دەرەوەی وولات داهاتویەکی ڕوونی نیە، بەو مانایە سەرەڕای ئەوەی دەبنە خەڵکی ئەو وولاتانە و پێناسەیان وەردەگرن، کاریش دەکەن و تەنانەت لە پۆستی ڕەسمیش دا وەردەگیرێن، بەڵام هەروەك بێگانە ناویان دەبەن و چاویان لێدەکرێ. ئەگەر وەزعەکە هەروا بڕواتە پێشێ، بەرەبەرە کلتور و فەرهەنگ و تەنانەت زمانی خۆشیان لە بیردەچێتەوە و بەڕاستیش نابنە خەڵکی ئەو ولاتانە ، هەمووشمان دەزانین نەتەوەپەرستی ئەو ولاتانە لە پەرەسەندندایە. هەربۆیە کورد بە گشتی لە دەرەوە نابێ پاڵی لێبداتەوە، دەبێ بنکە و بنیاتی فەرهەنگی، کلتوری و هونەری و تەنانەت سیاسیش پێك بێنن، ئەوانەش کە هەن بەربلاوتریان بکەن، لەسەر بناغەیەکی نەتەوایەتی کار بکەن و بەستراوەو بە هیچ بیرو بۆچونێکی تایبەتی حیزبایەتی نەبن، هەر حیزبێکی کوردی ئەگەر ئیمانی بە مافی نەتەوایەتی نەبێ هاوکاریشی نەکەن. ڕەنگە بگوترێ زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەن ئەندام و لایەنگری ئەحزابی سیاسین و بێلایەن نین، دروست بوونی ئۆرگانێکی سەربەخۆ و بێلایەن دروست بوونی گرانە. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە مرۆڤ نابێ بێلایەن بێ، بەڵکو دەبێ ئازاد و سەربەخۆ بێ و بتوانێ ئەگەر حیزبەکەشی بە زیانی بەرژەوەندی گشتی گەلی کورد کاری کرد ڕەخنەی بکا، وەلای بنێ. ئەگەر مرۆڤ سەربەخۆ بوو، ئامانجەکەشی ڕوون و ئاشکرا بوو، بەرعۆدەیە لەو ئامانجە لا نەدا و دەگەڵ ئەوانەش نەبێ کە لایان داوە. ڕزگاری کوردستان و کورد بناغەی ئامانجی نەتەوایەتیە و دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی گشتی لە دەوری ئەو ئامانجە بگەڕێ، بەو شێوەیە خەبات لە دەرەوە دەبێتە هۆی پاراستن و ناساندنی کەسایەتی گەلی کورد، منداڵی کورد لە دەرەوە بە ڕووحی کوردایەتی پەروەردە دەبێ، خۆی بە دنیا دەناسێنێ، دۆست و لایەنگر بۆ خۆی و خەباتەکەی پەیدا دەکا، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە خەباتی ناوخۆیی ئیعتیبار و نرخی زیاتری پێبدرێ و سەرەنجام سەرکەوتنی مسۆگەر دەکا، خۆ دوای ڕزگار بوونی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵێکی ئازاد و دیموکرات نەك هەر کورد بەڵکو خەڵکی دیکەش ئارەزووی ژیان لە کوردستان دەکەن. کورد ئەو هەلەی لە دەرەوە بۆی ڕەخساوە، دەبێ ئەوپەڕی کەڵکی لێوەرگرێ، ئەو فرسەتە بە فیڕۆ نەدرێ، چونکە دوورنیە ئەو ولاتانەی پەنابەری کوردیان لێیە بەرژەوەندەکەیان ئەوەبێ کورد بۆ ولاتی خۆیان بگێڕنەوە، ئەوە هەموو پەنابەرێك دەگرێتەوە و تایبەتی کورد نیە. ئەو بۆچونەشم لەوەدایە کە دەبینم لە دنیای سەرمایە و پووڵدا هەموو چەشنە سات و سەودایەك دەکرێ و کراوە، زۆر لە گەلان کراونە قوربانی ئەو سات و سەودایانە، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و قانونی نێو دەوڵەتیش بە هێند نەگیراون و پێیان لێ خشێنراوە.

لە پێوەندی دەگەڵ هۆڵەندا دەبێ بڵێم ئێستا ئەگەر لە ولاتانی دیکەی ئوروپایی باشتر نەبێ، خراپتر نیە، بەڵام هۆڵەندیش یەکێکە لە ولاتانی ئوروپایی و ئەندامی یەکیەتی ئوروپایە. ئەوەی من باسم کرد سیاسەتی گشتی ولاتانی ڕۆژئاوایە نەك هۆڵەندە بە تەنێ هەر ئەوەی ئێستا لە ئوروپا دەگەڵ پەنابەران دەکرێ ئاگادارکردنەوەی پەنابەرانە و مانای ئەوەیە چیدی پەنابەریان ناوێ ئەگەر ڕۆژێك بڕیارێکی گشتی لە ئەوروپا سەبارەت بە پەنابەران بدرێ هۆڵەند ناتوانێ جیا لەو بڕیارە عەمەل بکا.

بە گشتی لەو باوەڕەدام پەنابەری کورد نابێ بە تەواوی دڵنیا بێ هەر بۆیە دەبێ وەك میوان لە بیری گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیدا بێ.

**پ 8 – ڕووداوەکانی ئەم دووایییەی کوردوستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت بە تایبەتی شەڕی ئەم دواییەی PPK و PUK هەڵوێستی شەخصی خۆت چییە لەم بارەیەوە؟**

**وەڵام:** ڕێگام بدەن هێندێك بۆ دواوە بگەڕێمەوە. ئەگەر بڕوانینە مێژووی گەلی کورد زۆر لەو چەشنە ڕووداوانەی تێدا ڕووی داوە، قەت جارێك دەرسی لێوەرنەگیراوە و دووپات کراوەتەوە. بە پێی ئەو سونەتە نادروستەی کە بۆتە کردەوەی دایمی ئێمە، هەر کە ڕووداوێك ڕووی دا، لایەنگرانی لایەنەکان چ حیزب و چ سازمان، چ ڕووناکبیر و سیاسەتوان تەنانەت کەسانی ئاسایش، بێ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان، حوکمی خائن، جینایەتکار، جاش و خۆفرۆش نۆکەری بێگانە و چی و چی بۆ ئەم لاو ئەو لا دەردەکەن. کەچی پاش ماوەیەك ئەو خراپ بێزراوە دەکەنەوە، خزمەتکار، قارەمان، شۆڕشگێڕ و ڕزگاری کەری کوردستان. لە باری مانای وشە و لە ڕوانگەی حقوقی و قەزایی، بۆ سابت کردنی خەتا و خەیانەت و جینایەت، بەڵگە و لێپرسین و لێکۆڵینەوەی لێزانانی دەوێ، پاش هەموو هەنگاوێکی پێویست، ئەو کەسانەی لێزان و شیاوی ئەو کارەن، بە پشت بەستن بە بەڵگەی بڕوا پێکراو حوکم دەردەکەن. بەڵام ئێمە چاومان دەقوچێنین و زارمان دەکەینەوە، چی دەڵێین، چۆنی دەڵێین، بۆچی وا دەڵێین و.... قەیدی ناکا.

ڕاستی ئەوەیە هۆی ئەو ڕووداوانە بدۆزینەوە. شەڕی حیزبی کوردی پێکەوە بە هیچ شێوە و بەڵگەیەك بەلای منەوە پەسەند نیە، لە شەڕی خۆکوژیدا هەق نیە، سەرکەوتوو نیە، پشتگیری لە شەڕی خۆ کوژی مانای یارمەتیدان بە شەڕە و دەبێتە هۆی ئەوەی لایەك خۆی بە خاوەن هەق بزانێ و درێژەی پێبدا. دەسخۆش گوتن بە هەر لایەك لە ڕاستیدا مەشروعیەت دانە بە شەڕەکە و ئاگر خۆشکردنە. من ئەو شەڕە بە هەر بیانویەك بێ مەحکوم دەکەم. لەبەر ئەوەی لە گۆڕەپانی شەڕەکە دوورم و بە هەق هیچ ئاگاداریەکی دروستم لەسەری نیە، ئەوەش لە دەزگا تەبلیغاتی و پروپاگەندەکان دەبینم و دەبیستم، هی لایەنەکانی شەڕە و چونکە لە پڕوپاگەندەش دا زیادی پێوەدەنرێ و هەر کەس بە قازانجی خۆی دەڵێ، ناتوانێ بۆ من ببێتە بەڵگەی بڕیار لەسەردان و گۆپاڵی لە تاریکاییش ناوەشێنم.

من گازندەی گەورەم لە حیزبە کوردییەکان ئەوەیە بۆچی پاش ئەو هەموو تەجروبە تاڵانە چوارچێوەیەکیان بۆ هەڵس و کەوتوو هاوکاری، یان لانی کەم بۆ پێکەوە بەشەڕ نەهاتن دیاری نەکردووە..؟ بۆچی خەتێکی سووریان لە نێو خۆیان نەکێشاوە و بە هەموو گەلیشیان ڕانەگەیاندووە.. تا گەل بتوانێ ئەو بڕیارە بدا کە حیزبەکان خۆیان نەیان داوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە بە داخەوە ئێمەی کورد بە هەموو حیزب و سازمانەکانمانەوە هەروا لە ژێرکاریگەری بیر و بۆچونی عەشیرەتیدا نەهاتوینەدەر لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەر هەمان ئەو بیروبۆچونانە بەکار دێنین.

بە داخەوە لە حاڵێکدا زۆربەی گەلی کورد ژێر دەستەیە و بەشی هەرە زۆری کوردستان داگیر کراوە و ئەوەش کە ئازادە لە ژێر ڕکەبەری پیلانی دوژمنان و شەڕی نێوخۆییدا سەری لێ شێواوە و دەستە و ئەژنۆ داماوە بە گشتی هەموو کوردستان گەمارۆ دراوە هەموو کورد لە ژێر پەلاماردایە، ئێمە بۆ ئەوە شەڕ دەکەین کێ حاکمە و کێ ڕێبەرە، بە داخەوە شەڕی ڕێبەرایەتی ئێمە وەك کێشەی شیعە و سوننی لێهاتوە، ئەوان هەردوك لا دەڵێن خوامان یەکە، قورعانمان یەکە، پێغەمبەرمان یەکە، کە پایەو بناغەی ئەسڵی ئیمانن، بەڵام لەسەر ئیمامەت شەڕیانە و هێند لێك جیاواز و دوور کەوتونە ڕەنگە قەت یەك نەگرنەوە0 ئێمەش نیشتمانمان یەکە، لە یەك نەتەوەین و یەك زمانمان هەیە. کەچی شەڕی ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی گەیاندویانینە ئەو جێگایە، ئەوەی دەگەڵ خۆمان دەکەین، کە دوژمنەکانمان هەر ئەوەیان دەوێ و ئاوا بە هاسانیش بۆ خۆیان نەیان دەتوانی دەگەڵمان بکەن. شەڕی کوردایەتیمان وەلا ناوە و ملمان لەبەر یەك ناوە بە ناوی حیزبایەتییەوە.

هەتا ئەو ڕۆژە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی شەخصی یان حیزبی و ڕێبەر بوون و سەرۆکایەتی ئامانج بێ، کوردایەتی هەر ئەوە حاڵی دەبێ و ڕووداوی لەوەش خراپتر دەبینین و بەشمانە. ئەگەر دەرك و شعور و تێگەیشتنمان گەیاندینیە ئەو

قەناعەتە کە دەبێ حیزب و ڕێبەر بکرێنە قوربانی گەل و نیشتمان، نەك گەل و نیشتمان ببنە قوربانی حیزب و ڕێبەر، گومانی تێدا نیە هەرگیز ئەو ڕووداوانە نابینین.

ئەگەر پرسیار لە لایەنی شەڕکەرانیش دەکەی، ئەو شەڕە بە خراپ دەزانن و پێیان وایە زیان لە خەبات و بەرژەوەندی گەلی کورد دەدا، کەوابوو چۆن دەکرێ ئەو کەسەی کارەکە دەکا، کوشتەی تێدا دەدا و بە خرا پیشی دەزانێ ئەتۆ بڵێی هەقی تۆیە و کارەکەت چاکە..؟ کەوابوو دەڵێم نەفرین بۆ شەڕی نێوخۆیی.

بەرگری لەو ڕوداوانە بڕوای من تەنیا بە جۆرێك دەکرێ کە هەموو حیزبە کوردیەکان، بە بەشداری شارەزایان و ڕووناکبیران و سیاسەتوانان و لێزانان بە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە لە کام حیزب و لە کام بەشە و تەنانەت دۆستانی کوردیش کۆنفرانسێك پێك بێنن. لەو کۆنفرانسەدا هەڵەکان بخەنە بەرباس و خەتێکی ڕەشیان بەسەردا بکێشن، چوارچێوەیەك بۆ پێوەندی و هەڵس و کەوت و هاوکاری کوردەکانی هەموو بەشەکان دابڕێژن، سنورێکی قەدەغە کراو دیاری بکەن کە کەس بۆی نەبێ ئەو سنورە ببەزێنێ. هەروەها دیاری بکەن ئەگەر ناکۆکیەکیان لە نێودا پەیدا بوو پێش ئەوەی دەست بدەنە تفەنگ و فەرمانی شەڕ بدەن چ بکەن و ڕوو لە کوێ بکەن. حیزبە کوردیەکان نابێ لە حاڵی شەڕیش دا وەك دوژمن دەگەڵ یەکتر بەرخورد بکەن، ئەوان دوژمنی یەکتر نین، هەڵگیرسانی ئەو شەڕە هەڵەیە و خراپ لێك گەیشتنە، دەگەڵ شەڕی دوژمنان جیاوازی زۆرە.

ئەو پەیمان و بەڵێن و قەول و قەرارەی لەو کۆنفرانسەدا دەبەسترێن بە هەموو خەڵکی کوردستان ڕابگەیەندرێن، کوردان و دۆستی کوردان ئاگادار و چاوەدێری ئەو پەیمان و بەڵێنانە بن. بە داخەوە تا ئێستا حیزبەکانی کوردی بە نهێنی و لە پشتی پەردە چ بۆ خۆیان و چ دەگەڵ حکومەتان زۆر شتیان کردووە و کەس ئاگاداری نەبووە و نەزاندراوە پاشان هەر کەس ویستویەتی لە ژێری دەرچوە و حاشای لێکردووە، ئەو نهێنی کاریەش تا ئێستا هەر زیانی لە کورد داوە و بە قازانجی دوژمنان تەواو بووە.

پ 9 - جەنابت توانیوتە لە هۆڵەندە چی بەدەستبێنیت، هەست دەکەیت جگە لە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان شتێکی ترت لە کیس چوو بێت.؟

وەڵام: ئەوەی کە لە هۆڵەندە چیم بە دەست هێنابێ، بێگومان بۆ کەسێکی وەك من کە تاڵی و سوێری ژیانم زۆر چەشتووە و لە خۆشمدا بە چاوی لێوردبوونەوە دەڕوانمە دنیا و ئێستاش بە شوێن فێربوندا دەگەڕێم، لە هۆڵەندیش شتێك فێر بووم و بەشی خۆم وەرگرتووە. لە بارەی سیاسیەوە فێر بووم کە دەکرێ چەندین بیروبۆچوونی جیاواز لە وڵاتێکدا هەبن و هەموو بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەیان هاوکاری یەك بکەن، بە هەموو جیاوازیانەوە بۆ پێشکەوتن و بە هێزکردنی وڵاتەکەیان هاو هەنگاو بن، بە وشەیەکی دیکە بەرژەوەندی گشتی وڵاتەکەیان بەلاوە لە بەرژەوەندی حیزبی گرنگتر بێ. دەکرێ خەڵکی وڵاتێك لە حیزب و سازمانی جۆراوجۆردا سازمان بدرێن، ڕەخنە و گازنەدەیان لێك هەبێ بەڵام دەست لێك نەدەنە چەك و یەکتر نەکوژن. فێر بووم کە لێك دوور بوون و یەك نەگرتن نەك کێشەیەك چارەسەر ناکا، بگرە کێشەکانی پێ پوچەڵتر دەبن و خەڵکەکە لێك نامۆ دەبن، دیالۆگی مەنتیقی و نیاز پاکانە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی سیاسی باشترین دەرمانە.

گەورەترین دەسکەوتی شەخسیم هەر وەك ئارەزووم بوو ئەوەبوو منداڵەکانم دەرسیان خوێند، هیوادارم بۆ خۆیان و نیشتمانەکەیان بە کەڵك بن. ئەوە کە هەست بکەم جگە لە نیشتمان و دووری چیدیکەم لە دەست داوە، دەبێ بڵێم: داخۆ دەبێ من شتێکم هەبێ لە نیشتمان خۆشەویستتر و بە نرختر کە بڵێم لە دەستم داوە..؟ داخۆ دەبێ هەم بێ لەوانە ئازیز تر کە لێم بەجێماوە و لێیان دوورم..؟ من بۆیە هەموو شتێکم لە ڕێگای گەل و نیشتماندا لە دەست داوە، چونکە لە هەموو شتێکم خۆشترویستون. نیشتمان بەلای منەوە نەك هەر خۆشەویستە بەڵکو بەلامەوە ئەوەندە پیرۆزە تا سنوری پەرستن،

دەگەڵ هیچ شتێکی ئەو سەر زەویەی ناگۆڕمەوە. بە دوورکەوتنەوە لە نیشتنمان خۆم تاك و تەریك دەبینم، هەموو خۆشەویست و یادگارەکانم لەویٚ بەجێماوە، هەرچی خۆشم ویستوە جێم هێشتووە. بەلای منەوە ژیان دوو بەشە، بەشێکی تۆی و بنەماڵەکەت کە ئەویان تایبە تمەندی خۆی هەیە. بەشەکەی دیکەی تۆ لەگەڵ دۆستان و ئازیزان و لە نێوکۆمەڵدا کە ئەوەیان هەم گرینگە و هەم تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

پ: 10- ئاواتەکانت چی بوون کە لە کوردستان بوویت، ئێستا کە لە دەرەوەی چییان هاتونەتە دی ..؟
وەلام: ئەوەی کە من زیاتر لە بیست و دوو ساڵە بە کردەوە لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا خەبات دەکەم، وازم لە ژیانی شەخسی خۆم هێناوە و جگە لەو چەند ساڵە کە لە دەرەوەم لە ماڵ و منداڵیشم دوور بووم، دەبیٚ جگە لە کوردستانێکی ڕزگارکراو و بەختەوەر چ ئاوات و ئارەزوویەکم هەبیٚ..؟ بیٚگومان ئەو کات و ئێستاش هەر ئەوە ئاواتی بەرزمە بۆیە بە دوای دا وێڵ و عەودالم، ئەگەر نەشم دیت دەبیٚ بەو ئاواتەوە بمرم، بە داخەوە تا ئێستا وەدی نەهاتوە.
بە شانازیەوە دەڵێم ماڵ و دارایی ئاواتی من نەبوون، هەر بۆیەش لە پانتایی کوردستاندا بستێکم زەوی بە ملکایەتی نیە.
ئاواتم بۆ بنەماڵەکەم خوێندنی منداڵەکانم و ژیانێکی ساکار بوە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەیان هاتۆتە دی. ئێستاش بە هەر شێوەیەکی کە بۆم دەلویٚ بۆ وەدیهێنانی ئامانجی بەرزم کە ڕزگاری کوردستان و کوردە هەوڵ دەدەم و تێدەکۆشم ناهومێد نیم و هیوام بەرزە و لە بەرامبەر ئیمان و ویژدانم دا بە تەواوی ئاسودە و سەربەرزم کە بیٚ فرۆفێڵ هەرچی زانیومە و توانیومە درێخم نەکردووە و بە حەیفم نەزانیوە.

پ: 11 - بە نەزەری جەنابت کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا چۆن هەڵدەسەنگێنی..؟
وەلام: بە بڕوای من گەورەترین کێشەی چارەسەر نەکراو لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە گشتی مەسەلەی ژن و مافی ژنە. هەموومان دەزانین و دروشمی حیزبەکانیشمانە کە ژن نیوەی کۆمەڵە. ژن لە ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵدا نەخشی گرینگ و بەرچاویان هەیە، لە هەمووی گرینگتر دایکی کۆمەڵن و هەموو پیاوانی ناودار و ڕێبەرانی ئەم جیهانە دایك بەخێوی کردوە و پێی گەیاندون، هەر بۆیە دەبیٚ نرخ و بایەخی خۆی پێبدریٚ و لە هەموو مافێکی مرۆڤانەدا لەگەڵ پیاو شەریکی بیٚ کەم و زیاد بیٚ. ئەو کێشەیە ئەگەر هەنگاوی زانستی و ئاقلانەی بۆ هەڵنەگیریٚ دەتوانیٚ ئێستاش و لە داهاتوش دا کۆسپی سەر ڕێگای سەرکەوتنی یەکجاری بیٚ. من بڕوام وایە ژن و پیاو مافی وەك یەکیان هەیە و پیاو بوون نابیٚ ببێتە بەڵگەی زێدە بەشی و زیاتر بوونی پیاو لە ژن. بەش بە حاڵی خۆم لەوە دەترسم مەسەلەی ژن وەك کێشەی نەتەوایەتی کەڵکی خراپی لێوەربگیریٚ و لە ژێر ناوی داوای مافی ژنان شتێکی دیکە مەبەست بیٚ و هەوڵی بۆ بدریٚ. هەر بۆیە پێم وایە دەبیٚ هەوڵدان لەو ڕێگایەدا زۆر ئاقلانە و زانستی و مەنتیقی بیٚ. زۆر جار گوێم لە وشەی باوك سالاری دەبیٚ کە دەبیٚ لە ناوبچیٚ و ئەو جار نۆرەی دایك سالاریە، بە داخەوە ئێمە لە سالارەکانی خۆمان و خەڵکیش هیچ چاکە و خێر و خۆشیمان نەدیوە، دەبیٚ بە ژن و پیاوە وە دژی سالاری بین چونکە بە حەق هەموو سالارەکان لاسارن.
ژن و پیاو پێکەوە پێك هێنەری بنەماڵە و کۆمەڵن، بە بیٚ یەکتر ناتوانن بین، دەبیٚ لە خۆ بردووانە ڕێگای بەیەکەوە ژیان بدۆزنەوە، بە جۆرێك هیچیان سالار نەبن، بەڵکو شەریك، هاوکار و دڵسۆز و بۆ یەکتر فیداکاربن. ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵ بەیەکەوە بەڕێوەبەرن. ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن، دەبیٚ بە چاوی بەرامبەر و شەریك بڕواننە یەکتر و ڕێز و حورمەتی یەکتر بگرن. بە بڕوای من لە جێگای پێك هێنانی یەکێتی و ئەنجومەن بنیاتی جۆروجۆری تایبەتی ژنان، بنکە و بنیاتی

ژن و پیاو بە یەکەوە دروست بکەن، بەیەکەوە وتویژ و ڕاویژ بکەن و بەرنامە و پرۆسەی هاوبەش بۆ دواڕۆژی خۆیان دابڕیژن کە هەردوك لا لەسەری هاودەنگ بن و ڕیك کەون. بە بی هەوڵ و تیکۆشان و لە خۆبردوویی هەردوك لا، چارەسەری ڕاستەقینەی ئەو کیشەیە نەگونجاوە.

پ: 12 – دەتەوێ چی بە کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە بڵییت، ئەی چی بە حیزبە کوردییەکان دەڵێی..؟

وەڵام: داوای برایانەم لە کۆمەڵی کورد لە دەرەوە، بە گشتی ئەوەیە کە بە چاویکی کراوە تر و ڕوحیکی فراوانتر بڕواننە مەسەلەکان و دەگەڵیان بەرەو ڕووبن، هەروەك پیشتریش قامکم بۆ ڕاداشتوە هەوڵ بدەن زیاتر لیك نزیك بن و باشتر یەکتر بناسن، بە بێ سەرنجدان بەوە کە لە کام بەش و سەر بە کام حیزبی سیاسین هاوکاری و ڕینیویێنی یەکتر بکەن. دەبی ئەوە باش بزانن ئەو گەلانەی پەنای ئیمەیان داوە وەك کورد چاومان لیدەکەن نەك وەك حیزب و سازمان. ئیمە نوینەر و ڕینیشاندەری کەسایەتی کوردین، هەر بۆیەشە دەبێ لە ڕوانگەی نەتەوایەتی دەگەڵ ئەو خەڵکانە بەرەو ڕووبین و بە شیوەی شیاوی گەلی کورد خۆمان بناسینین، هەموومان دەزانین ئەو بنکە و بنیاتە کوردیانەی لە چوارچیوەی یاسای ئەو ولاتانەدا دەتوانین و توانیومانە دایان مەزرینین، هەر هەمووی بە ناوی کوردە نەك حیزب و سازمان، هەموو وەك کورد تییدا بەشدارین، کەوا بوو ڕەوا نیە بیخەینە خزمەتی هیچ حیزبیك، دەبێ تیکۆشانمان لە خزمەتی نەتەوایەتی دابێ بە گشتی نەك ڕوانگەیەکی تایبەتی، نەچینە ژیر کاریگەری هیچ حیزبیك ئەگەر خۆشمان ئەندامی بین. ئەوەش بەو مانایە نیە دەگەڵ حیزبە کوردیەکان دژایەتی بکەین، بگرە دەبێ پیوەندیمان دەگەڵیان هەبێ لە زانست و ئەزمونەکانیان کەڵك وەرگرین، بە پێی توانا هاوکاریشیان بکەین. ئیمە دەبێ هەموو توانامان دەکار بینین بۆ لابردنی ناکۆکی ناو حیزبەکان، بەرگری بکەین لەو تیك هەڵچونانەی کە زەربە لەگەڵ و خەباتەکەمان دەدەن، ئیعتیبار و کەسایەتی گەلەکەمان دیننە ژیر پرسیار و کاریك بکەن کە ئیمە نەتوانین تەوجیهی بکەین. ئەگەر ئیمە ئەندامی یەکیك لەو حیزبە بەشەڕداچووانەش بین نابێ لەو بوارەدا تەسدیقیان بکەین بەڵکو دەبی سەرکۆنەیان بکەین و زەختیان بخەینە سەر تا ئەو کارانە نەکەن. ئیمە لە دەرەوە نابێ ئاگر خۆشکەری شەڕی خۆکوژی بین، ئیمە لە ناوەندی ئازادی و دیموکراسی دەژین، دەبێ بەشی خۆمان لیوەرگرتبێ و بۆ خۆمانی دەکاربینین. ئیمە دەبێ تۆزیك ورد سەرنج بدەین و بزانین ئەوانە بۆچی ئاوان و ئیمە بۆ وانین. ئیمە دەبێ ڕەوشتی کرمۆڵ و بیری عەشیرەتیمان فڕیدابێ، شەڕەگەڕەگ، تایفەگەری‌و ناوچەگەرایمان تەرك کردبێ و تووڕمان هەڵدابێ. دەبێ بزانین ئەو کردەوانە هەر لە سەرەتاوە بۆ ناکۆکی و دووبەرەکی دروست کراون، بۆ ئەوەی ئیمە خوینی یەکتر بڕیژین و تامی برایەتی و هاوکاری نەچیژین، ئیمە ڕەنج و مەینەت بکیشین و کەسانی دیکەش بە ناوی پشگیری و خۆشەویستی بەسەرماندا زاڵ بن و بمانکەنە ژیر چەپۆکەی خۆیان.

ئیمەی کورد لە دەرەوەی ولات نابێ خۆمان لە بیر بچیتەوە، دەبی بزانین کیین و بۆ گەیشتوینەتە ئیرە. دەبێ بزانین بونمان لیرە ئەرکی زیاترمان لە بەرامبەر گەل و نیشتمان دا دەخاتە سەرشان، گەورەترین ئەرکمان ئەوەیە، منداڵەکانمان کە لە دنیایەکی دیکە و لە ناوفەرهەنگی دیکەدا گەورە دەبن، ڕەچەڵەکی خۆیان و زید و نیشتمانیان بناسن و لە زانستی ئیرەش ئەو پەڕی کەڵك وەرگرن. هونەر لەوەدایە خۆیان بپاریزن و بە زانست و هونەری ئیرەش خۆیان دەوڵەمەند تر بکەن، ئەگەر ئەو کارە نەکەین دۆڕاوین و بە بەرەی داهاتوش قەرزدار دەبین. دوایین داواشم لە کوردەکانی دەرەوە ئەوەیە هەڵەکان ڕاست کەنەوە نەك بە هەڵە وەڵامی هەڵە بدەنەوە، ناحەز بە مەنتیق جوان بکەن. بە کوردی عەییمان هەبێ هی هەموانە جوانی ڕەفتاریشمان بە قازانجی هەموومانە. ڕزگاری و بەختەوەری هەموولایەکمان بەڕزگاری کوردستانە.

به حیزبه کوردیەکانیش دەڵێم به غیرەتێکی شۆڕشگێڕانەوه چاوێکی ڕەخنەگرانه به ڕابردوی خۆیان دا بخشێننەوه، بەسیه تا کەنگی هەڵەکان دووپات ببنەوه، تا کەنگی تاقیکراوەکان تاقی بکرێنەوه. دەست له بەرچاوتەنگی و پاوانخوازی و خۆپەرستی هەڵگرن و گەل پەرست و نیشتمان پەرست بن، نەك حیزب پەرست و ڕێبەر پەرست، حیزب و ڕێبەر خۆشەویست و جێگای ڕێز و حورمەتن، بەڵام له خەباتی نەتەوایەتیدا نابێ هیچیان لەگەل و نیشتیمان خۆشەویستتر و بەنرختربن.
حیزبه کوردیەکان زۆربەیان سەرەڕای پەیڕەووپرۆگرام و دروشم پروپاگەندەکانیان ئێستاش هەر به بیری عەشیرەتی دەگەڵ یەکتر هەڵس و کەوت دەکەن، ئێستاش فەرمانی ناحەزی (دا کوڕه بیان کوژن) هەر دەبسترێ. ئەگەر هەزاران قسه به کوردستان و کورد بگوترێ زۆر به کەمی به قسەش وه جواب دێن، بەڵام ئەگەر به سەرۆکەکەیان بڵێی پشتی چاوی برۆیه ئەگەر نەشت کوژێ نیوه مردوت دەکا. لێره پێویسته بڵێم دەگەڵ هیچ کوردێك دوژمنایەتیم نیه و له ئەسڵ دا کورد به دوژمن نازانم، ئەوەی دژایەتی دەکەم سیستەم و شێوەی کردەوه و خەسڵەتی خۆبەزل زانی و خۆپەرستیه، من دژی شێوەی دەسەڵاتی عەشیرەتیم نەك لەگەڵ ئەفراد، پێم وا نیه هەرچی له بنەماڵەی عەشیرەتی بێ خراپه، بەڵکو هەرکەس هەوای عەشیرەتی له سەردا بێ و بیەوێ بەو دەسەڵاته خەڵك بچەوسێنێتەوه دژایەتی دەکەم، له بنەماڵەی عەشیرەتی پیاوانی گەوره هەڵکەوتوون که جێگەی ڕێز و حورمەتن، بەڵام ئاسەوار و دیاردەی بیروبۆچونی عەشیرەتی هەرگیز خێروبێری بۆ گەلەکەمان نەبوه، زیانی لێداوین و هەتا بمێنێ زیاترمان لێدەدا. حیزبەکانی ئێمه که پێشڕەوی خەڵکن دەبێ خەسڵەتی شۆڕشگێڕی به تەواوی له ناو خۆیان جێکەنەوه، چاو بۆ دیتنه، گوێ بۆ بیستن و عەقڵ بۆ لێکدانەوه و بیرکردنه، هەر بۆیه حیزبەکانمان دەبێ به چاوی کراوه و ئاوەڵه تر بڕواننه ئەم جیهانه پان و بەرینه، ببینن چۆن وڵاتانی سەربەخۆی ئوروپا به نەتەوه و زمان کلتوری جیاوازەوه یەکیان گرتوه و بوونه یەك بنەماڵه و هەروا خەریکن یەکیەتیەکەیان بەرینتر بکەنەوه، چۆن دەیانەوێ قازانج و بەرژەوەندیەکانیان پێکەوه ببەستنەوه و تەنانەت به یەك پارەش کڕین و فرۆشتن بکەن، بەڵام ئێمەی کورد، زمان و نیشتمان و فەرهەنگیشمان یەکە، له هەر چوارلاوه له گەمارۆی دوژمن داین، به هەموو شکڵ و شێوەیەك هێرشمان دەکرێته سەر، له ئەشکەوت و کونه شاخان دا دەژین، بەو حاڵەش ناتوانین یەك بگرین و به یەکەوه بحاوێینەوه، لێك دەکوژین به چەکی سارد و گەرم لێکدەدەین.
دەبا جارێك بیر لەوه بکەینەوه و بزانین ئەو شەڕ و دوژمنایەتی ناوخۆییه قازانجی چ بوه و زیانیشی چەندەیه که ئێمه هەروا دووپاتی دەکەینەوه. دەبا جارێك پێش به گژاچوون پێکەوه برایانه دانیشین و ئەو ناکۆکیانەی هاتونه پێش له ناویان بەرین، پێکەوه باس و خواز بکەین و نەیان گەیەنینه ئاستی و شەڕوکوشتار.
لەسەر یەك دەمەوێ بڵێم ئەوانەی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان دەکەنه قوربانی خۆیان و حیزبەکەیان له ژێر هەر ناوێك و به هەر بیانویەك، سەرەنجام ڕۆژێك له ڕۆژان له بارەگای گەل و نیشتمان دا موحاکەمه دەکرێن، ئەگەر نەشمابن حوکمی پاشملەیان لەسەر دەدرێ. ئەو کەسانه یا ئەو حیزب و سازمانانه سەر بەرز و ڕێز لێگیراون و مێژووش بەحورمەتەوه ناویان دەبا که له بواری نەتەوایەتیدا و له پێناو ڕزگاری گەل و نیشتماندا سادقانه خەبات دەکەن و ئیمانیان پێی هەیه و له کاتی پێویستدا خۆیان به قوربانی گەل و نیشتمان دەکەن. هەموو ئەو داوایانه ڕوودەکەنه ئەو حیزب و سازمان و کەسایەتیانه که ئامانجی سەرەکی دروشمی ستراتیژیان ڕزگاری کوردستان و کورده، بەڵام ئەوانەی هەرچەند به ناو حیزبی کوردین و بۆ ئامانجێکی جیا له مەسەلەی نەتەوایەتی تێدەکۆشن خەباتەکەیان به لای ئێمەوه جێگای ڕێزه به مەرجێك که مەسەلەی نەتەوایەتی نەکەنه کەرەسەی گەیشتن به ئامانجەکەیان چونکه هەر حیزبێك بەرژەوەندی گشتی گەل بکاته قوربانی ئامانجی خۆی بەلامانەوه مەحکومه و بەرەنگاری دەبینەوه.
به حیزبه کوردیەکان دەڵێم گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای سەرکەوتنمان ئەوەیه ئێمه بەڕاستی و وەك پێویست خۆمان ئامادە نەکردووه بۆ قۆناغی دوای سەرکەوتن و بەڕێوەبردن. ئێمه هەموو هێز و توانامان بەرەو و ڕووی دوژمن کردوه. کێشەی

کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە کۆن و بێزراوەکانی کە لەشی گەلەکەمانی زامار کردووە و مێشك وبیری ژەگاوی کردوین، بە حاڵی خۆی هێشتۆتەوە، هەر بۆیە پێویستە لە نێو خۆماندا ئاڵوگۆڕ پێك بێنین و خۆ گۆڕین و ڕاهێنان بۆ دوا ڕۆژ لە بەربەرەکانی دەگەڵ دوژمن بە کەمتر نەزانین. دەبێ بزانین لە گۆڕەپانی بەرەو ڕووبوون دەگەڵ دوژمن دا سەرەڕای هەموو نابەرامبەریەکان زۆر قارەمانانە ڕاوەستاوین و ئەگەر بەووردی بڕوانینە ڕابردوو زۆر جوان دەردەکەوێ ئێمە نەخۆشی ناوخۆیی توشی کزی و لاوازی و شکانی کردوین نەك هێزی تەیاری دوژمن.

دەبا جارێك ئەو حیزبانە لە خۆیان بپرسن چۆن دەڕۆن تا نزیك لوتکەی سەرکەوتن و لە پڕ دەگەڕێنەوە شوێنی هەوڵ و دیسان دەست پێدەکەنەوە..؟؟ بە حیزبەکانمان دەڵێم وشەی ئازادی و دیموکراسی لە هەموو وتار و نوسراوەکاندا دەبیسرێن و دەخوێنرێنەوە، لە ناو پەیڕەو و پڕۆگرامدا جێگایان کراوەتەوە. ئەوانە لە پێشدا خۆیان و دوایەش دەبێ گەل و لایەنگرانیان پێ ڕابهێنرێ و لەو بوارەوە کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن.

داوام لە حیزبە کوردیەکان ئەوەیە لاوان سەرمایە و هیواو ئاواتی دوارۆژی گەلەکەمانن لە بیریان نەکەن، هانیان بدەن و هاوکاریان بکەن بۆ فێربوونی عیلم و زانست، بە تایبەتی ئەو بەرەی تازە پێگەیشتوەی ئوروپا و دەرەوە، بۆ ئەوەی هەم بتوانن کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان لە بیر نەکەن و هەم بۆ ئەوەی باشتر کەڵك وەرگرن لە ئیمکاناتی پاراوی ئەو وڵاتانە بۆ فێربووونی زانست و عیلم و خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و ئەرکی خزمەت بە گەل و نیشتمان لە کوردستانی داگیرکراودا، بە ڕووحێکی بەرزی تەوایەتی و شۆڕشگێڕانە و زانستیانە پێیان بگەیەنن. ئەگەر دایکان و باوکان و حیزبە کوردیەکان بە تێکڕا دەست نەدەنە دەستی یەك و هەموو ئیمکاناتێکی پێویستیان بۆ دابین نەکەن تووشی خەسارەتێکی قەرەبوو نەکراو دەبن، هەر بۆیە لێرەدا بە هیوای ڕزگاری و داوای سەرکەوتن بۆ تۆ، ماڵ ئاواییت لێدەکەم.